# غەزەلی گەڕانەوە

ڕزگار عومەر

دوێنێ شەو لە خەونێکی سپیدا
ئەم شارە لە بێ دەنگی و خۆپەرستیدا نقووم ببوو
وەکو برینداری شەڕێکی بێ ناونیشان
دووا هەناسەی ڕۆحی خۆی دەدا ،

من لە یەك کاتدا چەندین دەست پاڵیان پێوە دەنام بەرەو ژوور
لەوێ لە نێو گۆڕەپانی بەردەم دادگایەگی شیندا
کە کرم بە سەر دیوارەکانی ، بە سەر چاوی حاکمەکانی دەهاتە خوارەوە
وەستابووم غەرقی سەرسامی بووم

چاوەکانم کوێر ، زنجیر لە دەستم ، سەر لە نوێش لاڵ کرابومەوە ،
تەنیا بە بۆن کردن بە گوێ گرتن پەلەقاژەم بوو
دەمویست دۆست ، ئەوانەی ڕقیان لێمە
مناڵ و پەپولە لێك جیا بکەمەوە ،

پۆلێ بنیادەم بە ڕووخسار خەڵکی ئەمڕۆ
بە دل و دەروون مردووی دێرینی دوێنێ
گەمارۆیان دابووم
هیچیان کەسی من نەبوون
هیچیان خەڵکی ئەمڕۆ نەبوون
دەستم لەدەم و چاویان دەدا ،
دانەیەك و دووان

دەمویست بەرانەتێك لە و حەشاماتە ببینمەوە ،
کە بتوانێ بۆنی باخچەی هەورە دوورەکان
یان یادەوەریە پەمیەکانی پێش کوێر بوونم بەبیر بینێتەوە ،
ئەوان چ سادە بە لاما تێپەڕین

چ ساده لە مردنی خۆیان دڵنیایان کردم ،
دڵنیایان کردم من خەڵکی ئێرە نیم

من لە گەڕەکێك لە دایك بووم دیواری حیکایەت و دەرسەکانی قوتابخانە
تەنیا بە لێدانی داری دەستی مامۆستاکەم جیا دەکرایەوە ،
من قوتابیەك بووم لە دەرسی ماتماتیکا خەیاڵم لای برا وون بووەکەم بوو
لە دەرسی دینا خەیاڵم لای خەوتنی نیوەڕۆی هاوینان بوو !!

من نەدەبوو هەرگیز قوتابی بوومایە
خۆزگە بمتوانیبا لەم خەونە
یان لە دوای بێدار بوونەوە بە مەعبەدی زەمەن شاد بوومایە
وەکو تۆبەکارێك وەکو پەشیمانێك لە بن دەست و پێ ی گژوو گیای ئەو مەعبەدە
دەپاڕامەوە
کە لێم گەڕێ سەر لەنوێ لە دایك ببمەوە
لێم گەڕێ عومری ڕابردوو بە ڕەنگێکی تر بنووسمەوە ،

ڕۆژ بە ڕۆژی چرپەکانی خۆشەویستی م دەکرد بە وەرزی درێژ درێژ
نەمدەهێشت (ووشیار) بمرێ و برای هەموو نێرگزەکانم زیندوو دەکردەوە ،
دەبووم بە دوکتورێك جانتام پڕ دەکردلە گۆرانی سەر سنوور
پەڕی نیرگزو لالەو شەوبۆی هەموو دونیام
لەنێو تەشتێك ئاوی کولاوی هات و هاواری گەڕەك کۆدەکردەوە ،

دەبووم بە رووبارێکی خەجاڵەت بارو پەشیمان لە ڕفاندنی ئازیزان
دەبووم بە قەدرەێك
کەسی ناشیرین
کەسی دوژمندارم دروست نەدەکرد
کەسێکم دروست نەدەکرد ، دوو دڵ ، دوو وەرز ، دوو ئینسان لە یەکتر بکا
دەبووم بە غەزەلێك ڕق و کینەی دوای هیلاکی کارکردنی کچانی قەیرە
لە بیر باتەوە
دەبووم بە کوڵانیك جێ ی شیعرەکانم و جێ ی هەموو ئەوانەی شیعرەکانم دەخنکێنن لێ ی ببێتەوە ،

دەبووم بە گفتوگۆی نێوان دوو کۆتری  لێك دابراو
کە بتوانیێ بەد حاڵی بوون لە گمە گمی  ئەوەی بەرامبەر
لە  شاگەشکە بوون بە جوانی
بە بوونی ئاسمانێکی بێ گەرد
سەر لەنوێ باڵیان بە فڕین شاد کاتەوە ،
دەبووم  بە ئاوەدانی سادەی مۆمێك
کە بتوانم بێ ڕووشانی سۆز
ئەشکەوتی نێو کەللە سەری ئەوانەی خەون بە مەرگم دەبینن
ئاوەدان کەمەوە ،

خۆم دەکرد بە ڕۆمانێك سەر لە نوێ
شەو بە شەوی
ساڵی سفری  دوای لە دەست چوونی خاوەری خۆم دەنووسیەوە
دەبووم بە هەوری غەزەلێك دوور دەڕۆیشتم
بە سەر باخچەیەکی  لە بیر کراو دەباریم و
بە یەکجاری بۆ لای هات و هاواری پڕ لە بەرائەتی گەڕەك
لە تەنیشت باوڵێك لە چیرۆکی نەنوسراوی تازیەکانیان
لە تەنیشت یەك سەبەتە گۆرانی پڕ لە شەرمی شادیەکانیان
ماڵێك دادەنێم
دوا ئاوڕ لەم خەونە تاڵە دەدەمەوە !